تەندروستی جیهانی: لەو نەخۆشخانەکانی غەززەو توانای چارەسەری بریندارانی نەماوە



رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەمڕۆ پێنجشەممە رایگەیاند، چیتر نەخۆشخانەکانی باکووری کەرتی غەززە توانای کارکردنیان نییە، ئەوەش بەهۆی کەمیی سوتەمەنی و تیمی کارمەندان و پێداویستییەکان، دەشێت، "تەرمی قوربانیانی دوایین هێرشەکانی ئیسرائیل لە حەوشەی نەخۆشخانەکەدا کۆکەو بون"، تائێستاش نەتوانراوە بەخاك بسپێردرێن. ریچارد پیپەرکۆرن، نوێنەری رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە غەززە لە ڕێگەی پەیامەکی ڤیدیۆیەوە رایگەیاندوە، "ئێستا لەو باکوری کەرتی غەززەو نەخۆشخانەکان توانای کارکردنیان نەماوە، لە کەی 36 دامەزراوەی پزیشکی بەشکیان لەو کاردان".

ئاماژەی بەوەشکرد، نەخۆشخانەی ئێلئێهلی دواهەمین نەخۆشخانە بوو، بەڵام ئێستا "تەنها نەشتەرگەری سەخت بە بریندارانی دەکرێت"، نەخۆشخانەکە هەشتا چارەسەری نەخۆشکان دەکات، بەڵام نەخۆشی نوێ وەرناگرێت.

نوێنەری رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە غەززە باسی لەوەشکرد، "نەخۆشخانەی ئێلئێهلی وەک خانەی بەساڵاچوان بوو، چاودێرییەکی زۆر سنوردار دەکات"، 10 ئێندامی ستاف کە هەمویان پزیشک و پەرستاری

بچوکن، بڕدەوامن لە پشکنینکردنی فریاگوزاری سەرەتایی سەرەتایی و چاودێریکردن بریندارەکان.

ئەوەشی خستەڕوو، "تا دوو ڕۆژ لەمەوبەر، تاکە نەخۆشخانە بوو کە دەتوانرا نەشتەرگەری بە بریندارانی باکوری غەززە بکرێت و قەرەباغ بوو لە نەخۆشکان کە پێویستیان بە چاودێری بێپلە بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی سوتەمەنی و کارەبا و پێداویستی پزیشکی و ستافی پزیشکی لە نەویاندا پزیشکانی نەشتەرگەری و پزیشکانی دیکەی پسپۆڕ، ژووری نەشتەرگەری نەماوە".

پێپەرکۆن ئاماژەی بۆکردوە، "تەرمی قوربانیانی دوایین هێرشکانی ئیسرائیل لە حەوشەی نەخۆشخانەکەدا کۆکراوەتەوە بوو، بەهۆی نەتوانینی ناشتنیان بە شێوەیەکی سەلامەت و دروست".

جگە لە نەخۆشخانەی ئەلئەهلی، تەنها سێ نەخۆشخانە لە باکوری غەززە هەن، کە بە کەمترین توانای خزمەتگوزاری، ئەوانیش شیفا، ئەلعەودە و ئەلصەحابە، ئەو نەخۆشخانانەی "هەزاران کەسی ئاوارە لەخۆدەگرن".

ڕونیشیکردەوە، هێندێک لە نەخۆشەکان لەو نەخۆشخانەی ئەلئەهلی "چەند هەفتەیەک چاوەڕوانی نەشتەرگەری دەکەن"، ئەگەر لە کاتییدا نەشتەرگەریان بە بکرێت، ئەوا "ڕووبەڕووی مەترسیی بڕکوتنی هەوکردن دەبنەوە دوای نەشتەرگەری، ئەوش بەهۆی نەبوونی دژە زیندەیی و دەرمانی دیکەوە".